# بائەم یەكگرتووەش ببینین ؟!

**ئاسۆعەبدوللەتیف**

زۆر ئەستەمە بەردەوام بوون لە سەر نەریتی پیاهەڵدان و موجامەلە وەك هەموو ئەو موجامەلە بێتام و نالۆجیكیانەی كە حكومەتی رابردووی تەنیبوو، ئەو موجامەلانەی لە پانزە ساڵی رابردووی حكومەتی كوردیدا ببووە هێلانەیەكی گەرم بۆ هەڵهێنانی گەراكانی گەندەڵی و تەنانەت توندرەوی و دەركەوتنی هێزی كۆنزەرڤەتیڤی سەلەف، ئەگەرچی ئەزموونی ئەم حوكمەی یەكێتی و پارتی ئەزمونێكی تازە نییە بۆ كورد چونكە كابینەی یەكەمی پاش 1992/5/19ی پێكهێنانی پەرلەمانی كوردستانمان لە بەردەستایە كە چۆن وەزیرو وەكیل وەزیر وەك حاكم و موددەعی و تاوانبار لە یەكترییان ئەڕوانی، تا لە خەیاڵدان و رەحمدانی ئەم ئەزموونە تازەیەدا خوێن و جەنگ و نەفیرعامی كوشتنەكان لە دایك بوو تا كارگەیشتە ئەوەی ئەم جەنگ و كوشتنانە درێژبێتەوە بەرەو گەندەڵی و ناكۆكی و تەكەتولی حیزبی و حكومی،كەواتە ئێمە ئەزموونێكی یەكگرتوومان لە بەردەستایە كە هەرگیز شایانی شكۆمەندی و وەسفكردن نییە لە سیاقێكی مێژوویی تایبەتدا كە براكان لە هەمان ئەو سیاقە مێژووییەدا لە بەر خاتری كورسی خەونی دەوڵەتی كوردیان لە بیر چووبوویەوە، كە ئەزمونێكی وەهامان هەیە لە وخەیاڵدانە نۆستالیژیەی رابردووداو بگرە جێگای رەخنەو دادگاییكردنی هەندێ لە وەزیرو بەرپرسەكانی ئێستاشە(حكومەتی یەكگرتوو) ئەدی بۆ بەو حەماسەتەوە ئەدوێین لەسەر یەكگرتنەوەیەك كە هێشتا دیار نییە ئاخۆ كێ ئەیباتەوە؟ كێ خزمەت ئەكرێ و كێش پەراوێز؟ خەڵكی داماوو رەش و رووتی هەژار؟ یان هەر بەرپرس و وەزیرە بەرێزەكان؟ خەڵكە هەمیشە بێلانەو خانووەكان؟ یان خەڵكە تێرو مەسئولزادەكان؟ بەڵام باوەكو ئەزموونێكی تازەش لێی بڕوانین ئایا چ پێویست بەوە ئەكات ئەمجارەیان بە قسە و گوتار دەستپێبكەین، ئەپرسم ناكرێت بە كردارەوە دەستپێبكەین و واز لە پیاهەڵدان بهێنین و راستەوخۆ دەواری حكومی لەسەر برینەكان هەڵدەین بەتایبەتی برینەكانی هەڵەبجەو كەركووك، هەڵەبجەیەك لە ساڵێكدا هەزار بەڵێنی پێ ئەدەن..!

من نایشارمەوە لەگەڵ رێزمدا  زۆر متمانەم بە هەندێ لەو وەزیرە تازەو كۆنانە نییە كە بتوانن گەندەڵی ماڵەكانی خۆشیان چارەسەر بكەن نەك گەندەڵی شارێ یان میللەتێ، چونكە لاوازی هەر وەزیرێك وەكو لاوازی و شكاوی بەردێكە لە بناغەی تەلارێكداو گوتاری نەتەوەیەك لاواز ئەكات كە حوكم و دەسەڵاتە كولتوریەكەیەتی، دەبوو سەركردایەتی سیاسی كوردی بە حیكمەتتر لە رەوشەكەی بڕوانیایەو ئەگەر زۆر بە جددی نەویوە لەم كابینەیەو حەزی بەسەركەوتنیەتی و گوتارو دەسەڵاتی كوردی بەهێز ئەكات ئەوا با لوتفی بنواندایەو وەزیرە چاك و تەكنۆكراتەكانی لە بەغداوە بهێنایەتەوە بۆ كوردستان و بەشداری ئەم كابینەیەی پێبكردنایە تا كابینەكە تۆكمەترو پرۆفیشناڵترو تەكنۆكراتی بووایە نەك كابینەیەكی تەوافوقی و حیزبی و ئایینی و تەنانەت عاتیفی، بەنمونە وەزیرانێكی سەركەوتووی وەك (هۆشیار زێباری و دوكتۆر بەرهەم) بۆ خزمەتی خۆمان نەكەن؟ با بەشداریان پێبكرایە لە كابینە نوێكەی خۆماندا نەك بیانخەنە خزمەتی دەوڵەتێكی تاسەر ئێسك عەرەبی و مەزهەبی كە بۆ كورد رەنگە ئەو قازانجەی نەبێ وەك ئەوەی كە ئێمە لە ماڵی خۆماندا ئێستا خەریكین، چونكە عەرەب ماڵی خۆی دەمێكە رێكخستۆتەوەو ئەوەی كە ماوە لە عیراقداو شپرزەیە تەنها ماڵی كوردە، بۆ وێنە لە كابینەی نوێدا نەمانتوانی وەزیرێكی دەرەوە یان ئالأیەك دەستنیشان

بکەین کە لەسیما هەرە دیارەکانی دەوڵەت و کۆمۆنیتی سیاسییەو ئەمەش بەشێکی پەیوەستە بەو جورئەتەی کە هێشتا دەسەلاتی سیاسی ئێمە نیەتی و حساب بۆ زۆر پرسی ئیقلیمی و ئیعتیباراتی لاواز ئەکات کە ئەو پرس و ئیعتیبارە ئیقلیمیانە بە سەرخوراندنیشمان قەڵس و بێزار ئەبن نەك بە پێکهێنانی کابینەیەکی کوردی کە ئەوان بە خەتەری دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ئەیشوبهێنن، بۆیە دەبوو لای کەمەکەی بە مانگێ پێش پێکهێنانی حکومەتی یەکگرتوو ئێمە ئەجێنداو بەرنامەی حکومەتە یەکگرتووەکەمان لە بەردەستدا بووایە هیچ نەبێ لە بەردەست نوخبەیەکی سیاسی مەعریفی رۆژنامەنووسدا، تا وەکو پێویست بیدەینە بەر رەخنەی لۆژیکی و قسەکردنی جددیەوە، نەك بۆ شەوێك و لە تیڤی و ئاهەنگێکی پڕلە موجامەلەو تەشریفاتیدا گوێمان بزرنگێتەوە بە جوانترین دێڕو ووشەو زاراوە دەوڵەتی و مەدەنیەکانی وەك دیموکراسی و ئازادی و یەکسانی و ریفۆرم و بنەبڕکردنی گەندەڵی و پاکسازیی، کە فاسیدترین و مۆبۆکراسترین حکومەت و دەوڵەتی دیکتاتۆریش ئەم قسانە ئەکات و هیچی تێناچێت و دوایی بیری ئەچێ چی  گوتووە؟! لە راستیدا خاڵی ناکۆك و کەلێن زۆرە باسی بکەین بەلام دەڵێین با ئەم حکومەتە یەکگرتووەش ببینین و جارێ رەشبین نەبین و بینەرێکی خەیاڵ حەکیم و کراوە بین و تاوانبارمان نەکەن بە ناحەز و دەست، هەر ئەوەندە ئەڵێین، کورد ئێستا 42 وەزیری هەیەو خەرمان بەرەکەت یانی 42 پرۆژەو 42 عەقڵ، بەلام یەك میزانیەمان نییە کە حکومەت ئاشکرای بکات و بیکاتە بڕبڕەی کارەکانی تا رێگە بگیرێت لە گەندەڵی و مشەخۆری و پارەخواردنی وەزارەتەکان، کە ئومێدەوارم کابینە تازەکە بیرێکی لێبکاتەوە چونکە چاوی خەڵك و میدیا ئاگادارەو چاوەڕوانیشەو لەکۆمەڵگای دیموکراسیشدا سیحری ژمارەی وەزیرەکان پێوەر نیەو بەس نیە بۆ خزمەتگوزاری و چارەسەرکردنی گەندەڵی،لەبری ئەمە میدیای ئازادو شەفافیەتی مامەڵەو بودجەو دارایی حکومەت گرنگە کە لە ئەجێنداکەی حکومەتی یەکگرتوودا ئەڵقەیەکی وون و غائیبە؟ دیارە ئەڵقەی دیکەی وون زۆرن لە بابەت بەشداری پێنەکردنی ژن وەك رێژەی خۆی، دیارە وەك ئەوەنا کە حیزب و دەسەلات گەرەکیەتی و دەیەوێت بنەماڵەیەکی شەهید و خانەوادەیەکی ناوداری پێ رازی بکات، بەڵکە وەك ئەوەی کە کۆمەڵگا پێویست و ئاتاجیەتی.